## پێم خۆش نەبوو باسێان بکەم

حوسێن سەعیدی سوید

له وکاتەوه که دەسم بەکاری سیاسی کردووه بیروباوەڕی کوردستانیم بووه و هەوڵم بۆ داوه. هەر لەبەر ئەوەش تێکەڵاویم دەگەڵ بەشه داگیرکراوەکانی دیکەی وڵاتەکەم هەبووه بەتایبەت باشووری کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. زۆر لەنزیکەوه ئاگاداری بڕێک وژانی گەلەکەم لەباشوور بووم که بەدەس ڕژیمی شوونیستی عەرەبەوه دەیناڵاند و قەڵاچۆ دەکرا .

ڕزگارکردنی عێراق و رووخاندنی صدامی خوێنڕێژ بەدەس ئەمریکا و هاوپەیمانان گڕ وتیین و هیوایەکی بەرزی خسته دڵمەوه، پێم وا بوو که ئەوه سەرەتایەکه بۆ رزگاربوونی هەموو کوردستان.

داخ و کەسەر بەره بەره دەرکەوت که رابەرایەتی هەنووکەی باشووری کوردستان چەند له پەراوێزی خواست و ئاواتی گەلی کوردن. گەندەڵی، دزی، درۆ، کلکەسووتێ دەبەرابەر دووژمنانی داگیرکەری کوردستان بووەته سیاسەتی سەرەکی و هەڵس وکەوتی ئەوان. دەگەڵ ئەوەش له هیچ کوێ و له هێچ جێگایەک دژ به حەکوومەتی گەندەڵی باشوور و رابەرانی ئەو نەهاتمه ئاخفتن و دەژایەتی ئەوانم نەدەکرد. بەخۆم دەگوت ، با واش بێ ، هێشتا ساوایه و بەهاتنه سەرکاری جیلی تازه که قەت زەبر و زەنگی داگیرکەری عەرەبیان نەدیوه ، دەکرێ هیوای دواڕۆژێکی باش بۆ باشووری کوردستان چاوەڕوان بکرێ. دەهاتەوه یادم ئەوسەردەمەی که کورد له باشوور مەترسی فەوتانی لەسەربوو، تەنیا لەچەند دۆڵ وکێوی ناوزەنگ و زەڵێ نەبێ، له هەر دووندێک و دۆڵێکی باشووری کوردستان دەسەڵاتی رەشی عەرەب حاکم بوو.

لەبەر ئەوه سەرەڕای ئەو هەمووه کەم وکۆڕیه که لەباشووری کوردستان هەیه قەت هیواخوازی ئەوه نەبووم و هیواخوازیش نابم که حکوومەتی باشووری کوردستان تووشی کزی و قەیران بێ. بەڵام بەش بەحاڵی خۆم دەسم لەوه شوشتبووه که رابەرانی باشوور خەم خۆری کوردستان بن و یارمەتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بدەن بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان.

بەڵام ئاکاری نالەباری ئەم دواییەی رابەرایەتی باشووری کوردستان ئەوەنده ناحەز و دووژمنانه بوو که چیتر نەدەکرا مرووڤ بێ دەنگ بێ لەکاتێکدا هەزاران ڕۆڵەی بەئەمەکی گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان له مەیدانی خەباتدا ، لەزیندانەکانی رژیمی بۆگەنی ئیسلامی کوژران و قەڵاچۆ کران، لەکاتێکدا که هەر ئێستا دەیان و سەدان له پاکترین کیژان و کوڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان به مەزلوومی کەوتوونەته ژێردەستی داگیرکەری عەجم و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید دەکرێن، له کاتێکدا که ئاپارتایتی نەژادی، مەزهەبی، کولتوری رۆژانه و بەزەقی دژ به گەلێکی قارەمان له رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوه دەچی، ئا لەم کاتەدا حەکوومەتی گوێ لەمست و نۆکەر سفەتی کورد له باشووری کوردستان له ساڵڕۆژی ئاخووندێکی خوێنڕێژ و بۆگەنی ئیسلامی وەک خۆمەێنیدا به شداری دەکا. هۆلی پێشەوای نەمەر له شاری هەولێر بۆئەم کاره دەخرێته بەردەس قولەپاسداریکی عەجم .

سەرۆکی پارلەمانی کوردۆستان؟ جەنابی مووفتی، بەشاخ و باڵی ئەو ئاخووندە کوردکوژەدا هەڵدەڵێ.

سکرەتێری پارتی جەنابی فازڵ میرانی دەڵێ: **"ئیمام خوومەێنی هەر رابەرێکی بەرزی ئیسلامی نەبوو ، بەڵکوو ئەو زاته پیرۆزه، سوومبولی ئینسانێکی شۆڕشگێر بوو که پەیامی شۆڕش و ئازادی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست هێناوه".**

هێچ شەرم ناکەن، ئێوه چۆن دەتوانن ئەگەر کوردیش نەبەن بەڵام زەرەیەک ویژدانتان هەبی، خەباتی بێ وچانی کورد له رۆژهەڵات و حەولی سەرکوتکردنی وەحشیانەی ئەو شۆڕشه له لایەن رژیمی مەلایان لەبەرچاو نەگرن و ئاوا به قەد و باڵای دوژمنانی کورددا هەڵدەڵێن!

زۆر سەێره، ئێمه کوردی رۆژهەڵات دەڵێی بەبەژنمان براوه، بەدرێژای مێژوو له خزمەتی هەموو بەشه داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستاندا بووین، له شۆڕشەکاندا بەهەموو توانایيمانەوه بەشداریمان کردوه، داڵدەی گەلی زۆر لێکراوی خۆمان داوه، ماڵمان ماڵی هەموو کوردێک

بووە، هیچ کات شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر حیسابی هیچ بەشێکی دیکەی کوردستان دۆستایەتی دووژمنانی کوردی نەکردووە، قەت جاسووسیمان لەسەر نەکردوون، قەت بەدەستووری دووژمن نەمان کوشتوون، بەڵام ئەوان دەیان جار کوردی ڕۆژهەڵاتیان فرۆشتووە، دەیان لەرابەرانیان وەکو شەهیدی نەمەر کاک سولێمانی مووعینییان بە کوژراوی رادەسی دووژمن کردوە تەوە. پارتی شان بەشانی پاسدار و جاش هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستان.
بەداڵدە و دەسکێشی یەکێتی نیشتمانی لە کۆیە پاسدارانی خوومەێنی دەچنە سەر ژن و مەندالی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەیان شۆڕشگێڕی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە باشووری کوردستان بە دەستووری رژیمی خوومەێنی تێرۆردەکرێن.

کاتێ رژیمی داگیرکەری تورک ئۆجەلان دەگرێ هەزاران کیژوکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان رژانە سەر شەقامەکان و دژ بەم کارە نارەوایە نارازی بوونی خۆیان پیشاندا کە تەنیا لە شاری قارەمان و خوێناوی و دڵی کوردستان شاری سنەی هەمیشە سەربەرز زیاتر لە 15 نیشتمان پەروەر گیانیان لەدسدا، هەر بۆ شەوەکەی و پاش ئەم کوشتارە تەلەڤیزیۆنی پ/ک/ک بەدەستووری داگیرکەری عەجم کە ئەو کاتە دۆستی پ ک ک و بڕبڕەی پشتی بوو، نازناوی ئاژاوەگێڕ و پیاوی سازمانی سیا و میتی تورکی خستە پاڵ ئەو ڕۆڵە بەئەمەکانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .
لە ئاکامدا ئەم کارە نارەوایە ، ئەم کارە نائینسانییەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەها کارەگەریەکی خراپ دەخاتە رێبازی رزگاری کورد کەدووژمن بە دەیان ساڵ بۆی جێ بەجێ نەدەبوو.
من بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم وەدەنگ نەیەم ، ناتوانم دەرهەق بە خوێنی گەشی ڕۆلەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بە دەیان برادەر، ناسیاو و خزمی خۆمن بێ دەنگ بم.
ئا لێرەشەوە پرسیاریک ئاراسەتی بە ناو ڕۆشنبیران و نووسەرانی باشووری کوردستان دەکەم. جەنابان بۆ زمانتان گۆڵە لێیداوە ، شەرم و حەقارەت بۆ ئێوە بێ کە وا چەواشەی دەسەڵاتی گەندەڵی رابەرانتانەن کە تەنانەت لەژێر لەچیشەوە ناوێرن نارەزایەتی خۆتان دەربڕن.

**کاک سوار ووتەنی:**
ئێوە کێن خێڵێ درۆ
گەلی دەم پڕ لە هەرا
پێم بڵێن
ئێوە چ کارەن ؟چ کەسن ؟
ئێوە ئەی کرمی کتێب
یاری غاری هۆدە
ئێوە بەردەماو خۆری تولە و گورگی گەرن